# بەئاگا نایەین تا شتەکان نەگۆڕین
## بەشی یەکەم
### ئیسماعیل فەرەج

چاوگێرانێکی خێرا بە ڕۆژنامە ئاسایی‌و ئەکترۆنیە کوردیەکان‌و ئەو رەوتەی میدیا کوردیەکانی پیا تێپەڕئەبێت، لە گوێبیستی‌و بینین‌و خوێندنەوەو باسوخواسەکانی خەڵک‌و...تد. ئەمانە هەموو ئەو بابەتانەن رۆژانە چەندین پرسیاری جۆراوجۆر لە تاکە ناوەڕۆکێکەوە لە هزر، ئایدی، هەڵسوکەت، رەفتار، کرۆک‌و رەواڵەتی مرۆڤی کوردا بەرجەستە ئەکەن.

پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەم وڵات‌و ناوچەو هەرێمەی ئێمەی کوردان وەک ئەوەی رۆژگارو سەردەمێکی ناوازە، کڕۆڵ**(قاسی)**، ناهەموار، کارەسات‌و تەنگەژەی زۆری بەڕێکردووە، یاخود هەموو ئەو بوارانە لە مێژوویەکی دوورەوە لە ناویاندا ئەژی‌و بوونەتە خەسڵەت‌و مرۆڤی کوردی پێ ئەناسرێتەوە، خەڵکانی ئاسایی‌و خوێندەوارو سەرکردەو کادرو ئەندامو دۆست‌و لایەنگرانی پارت‌و رێکخراو، جوڵانەوە کۆمەڵایەتی‌و سیاسیەکان یاخود کارمەندان‌و لێپرسراوانی بوارەکانی بەڕێوەبردن ئەیزانن بۆ چرکەیەک چیە ناتوانن خۆیانی لێ گێڵ بکەن، ئاخۆ هەوڵ بدەن یاخود هەوڵیان دابێت ئەو بوارو رەوتە ناوازانە بکەنە ئەزموون‌و بنەی بەرجەستە بوونی ناسنامەیەکی رەسەن لە کۆمەڵگەیەکی کەفشتەی دەستی رێکەوت‌و سەرنوستە**(قدر)**و بەکارهێنەری وابەستەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی، ئاین، سیاسەت‌و ناوچەگەری، بگۆڕن بە هاوڵاتی‌و رێزی جەستەیی‌و کۆمەڵایەتی بۆ مرۆڤی کورد مسۆگەر بکەن، بەو مانا گەورەیەی هەموو بەهاو دابونەریت‌و مۆراڵە ڕەسەنە مرۆڤایەتەکان لە سنوری یاسایەکی ریلاتیڤی**(نسبي)** گەشە سەندوودا برەویان هەبێت، ئاسودەیی باڵ بەسەر تاک‌و خێزان‌و کۆمەڵگەی هەرێمی کوردستاندا بکێشێت؟

وەڵامی ئەم پرسیارە دوورو درێژە، خۆی لە چەندین رەوتی جیاجیا ئەدات، بەڵام تاکە رەوتێکیان کە وابەستەی سیاسەت نەبێت، ئەوە شرۆڤەکردنی ئەم فاسەی**(مرحلة)** ئێستای هەرێمە، وەک رەوشی چەندین ساڵی پێش ئێستایە، کە بە چەق بەستویی‌و وەرنەگرتنی ئەزموونی تێئەپەڕیت، بە پێچەوانەی کۆمەڵگەکانی دەوروبەرو دنیاوە، کاریان بۆ بەرژەوەندیە گشتی‌و تایبەتیە

کۆمەڵگەییەکانی خۆیانەو ستریکی**(هدف)** ئەو گەشەو پێشکەوتنو گۆرانکاریانەیە کە ئێستا ئێمە بە هەر شێوەیەک بێت بەدیان ئەکەین، یاخود گوێ بیستیان ئەبینو ئاواتە خوازین بۆی.

ئەگەر ئێمە **سێ** بابەتی سەرەکی لەناو خۆماندا بێنینە پێش چاو بەم شێوەیە:

**ئایین + سیاسەت + نەتەوە** ئەم سێ بابەتە **ئابستریکی** هزری سەردەمانەی لای کۆمەڵگەی کوردی دروستکردووە. واتە ئەو سێ فاکتەرە بوونەتە دیاردەو هەر سێ دیاردەکە ئەگەر لە سێ گۆشەکەی **پیتاغۆرسدا** هەر یەکەیان لە چوکلێکی دابنێین و بیهێنینە پێش چاوی خۆمان ئەوە هەر چوکلەیەکی بەرەو ئاراستەیەکی نادیار رۆیشتووە. ئەم نادیاریە بۆتە فاکتەری ونبوونی هزری مرۆڤو تێڕوانینی لۆژیکیانە بۆ دیاردەکان. واتە لە رەوتی هەست تێپەڕیان نەکردووە، نەبوونەتە بابەتی تاکتێڵ**(ملموس)**. مەترسی ئەم بوارە لەوەدایە کە ئەبێتە فاکتەری لە دەستدانی بەهای گرنگی مرۆڤایەتیو شۆرەندبوون**(خضوع)** بە هێزی نادیارەوە. مرۆڤی کورد وەک نەتەوەکانی تری دنیا بەم شێوە تێڕوانینەی ئێستای ناتوانێت لە ژێر کاریگەری ئەو هێزو دیاردانە دەرباز بێت، کە بوونەتە فاکتەری چەقبەستنی مادیو کۆمەلایەتی، یاخود پێگەیەکی مرۆڤایەتی تاکتێڵ بۆ خۆی مسۆگەر بکات، بیرکردنەوەو سەلماندنو ئەکتیڤ بوونی ئەم شێوازی بیروبۆچوونە ئەگەر لە ژێرکاریگەری دەرەکی یاخود ناوخۆدا بێت مانای وایە هیچ بەهایەکی بۆ پێودانگی مرۆڤ نەهێشتۆتەوە جگە لە شۆرەندبوون نەبێت. بۆیە بە ناچاری لە دوو رێیانی شۆرەندبوونو گۆرانکاریدا ئەبێت لایەکیان هەڵبژێرێت. ئەگەر مرۆڤ بەهای مادیو مرۆڤایەتی خۆیی نەبێت، بەهای کۆمەڵگە کامەیە؟

بە درێژایی مێژووی خەبات تاوەکو ئێستا بە هەر فاکتەرێک بێت لە کوردستاندا سیاسەت کراوەتە کۆمەڵێک بنەمای پراکتیزەکردنی سەپێنراوی چنگگیرکردوو لە گشت بوارەکانی ژیانی مادیو کۆمەڵایەتی، توانیویانە حوکمی **(**راتوێی**)** کۆمەڵگەی پێبکەن، تا بتوانرێت لە رێگەی فاکتەرە گوماناویە ئەکتیڤە زاڵەکانەوە هزر لە کەلەی مرۆڤی کورددا وەدەرنێنو رەوتی سەرنوستو چاوەڕوانی بەردەوام بە پاساوی جۆراوجۆر دەمەزەرد بکرێنەوە.

# بەئاگا نایەین تا شتەکان نەگۆڕین
## بەشی دووەم
### ئیسماعیل فەرەج

دیارە دەسەڵاتی سیاسیو کۆمەڵایەتی راستەقینە رۆڵی گرنگی لە پەروەردەو پێگەیاندنی گەشەو پێشکەوتنو گۆڕانکاری کۆمەڵگەدا هەیە، بنەی دەستاودەستی دەسەلاتی سیاسی، کرانەوەی دیموکراتی، شێوازی برەوی مادی، کۆمەلایەتی سەردەمانە دێنێتە کایەوە. ئەگەر نا ئەوە هەموو رەوشە سیاسیو کۆمەڵایەتیەکان ئەبنە داری سەرکوت کردنی ئازادیو دیموکراتی مرۆڤو کۆمەڵگە تەنانەت خودی سیاسەت خۆی لە زانستی بوون بەلاوە ئەخرێت، هەموو هەوڵێک ئەچێتە خانەی بەرژەوەندی بەرتەسکەوە. بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە ئەو سۆنگە ناوازە سیاسی، ئاینی، سەرنوستەییانەمان لە رەوتی بەرەو پێشچوونی ئاسایی کۆمەڵگە جیاکردەوە، ئەوە بە دڵنیاییەوە کۆمەڵگەیەکی ئازاد، دیموکرات، لێوانلێوی رێزی هاوڵاتی بوون دێتە کایەوە. مرۆڤ باودید **(جاهیل)** ناکرێت، نابێتە کەرەسە، خەسلەتی بەسەرچووی هەڵەو بێ ئەزموونیو خۆدانە دەست ڕێکەوت بەسەر مرڤی کوردا ناسەپێنرێت. تا ئەو رادەیەی کەی بیانەوێت بەشەڕی بدەن، کەی بیانەوێت بیانکەنە پلیکانەو خۆیانی لەسەر پێبگەیەنن، کەی بیانەوێت تاقیکردنەوەی لەسەر بکەن، بێزێزیان پێبکەن، بێ بەشیان بکەن لە هەموو مافو خزمەت گوزاریەکی سەردەمانەو ئەرکی گەورەیان بخەنە ئەستۆ، بوونی مۆراڵی مرۆڤایەتی خۆیانیان لێ ون بکەنو... تد. بە کورتی ئەوەی ئەو مرۆڤە لە سنوری بیرو پێگەی جوگرافی خۆیدا بیری لێ ئەکاتەوە بەرەو سنورەکانی دەرەوەی توانی بیرکردنەوەی ببەن، هزرو ئایدیاو هەڵسوکەتی مرۆڤانەی پابەندی ناوازەییو شۆڕەندو ملکەچی نادیاری بکەن.

بیروبۆچوون لەم روانگانەوە زۆرن، تابێت زیاتر کەڵەکە ئەبن، ریزبەندکردنی کێشەکان بێ هەلی پراکتیزەو چارەسەری شیاو شوێنی هیچ ناگرن، دەرخستنی فاکتەرەکان نابێتە پاڵپشت بۆ چارەسەر، هەرچەندە هەندێک بۆچوون بە راستی لە ترۆپکی داهێنانو کرکۆکی بابەتەکانیان لە خاڵێکی دیاریکراوەوە بە ئاڕاستەیەکی دیاریکراودا بەرەو گۆڕانکاری تیوری بردووە. بەڵام هێزی بنەی گۆڕانکاریە راستەقینەکانیان نەخستۆتە جموجۆڵی ئەکتیڤەوە.

ئەنجامی ئەم شێوازە نامۆیە بۆتە فاکتەری شۆڕەندبوونی ئەو فشارانەی لە ناوخۆو دەرەوە پەیدا ئەبن‌و کۆمەڵگە لە پێناوی کۆمەڵێک بابەتدا کە بوونی نیە پابەند ئەکەن، واتە هەر لەبنەی خۆدانە دەست ڕێکەوتدا ئەیهێڵنەوە. نەتوانراوە ئەو داهێنانەی کە هەن بەسەر بنە مادیەکانی ژیانی فشار لێکراوماندا سەر بخرێن، تا بتوانرێت بنەی بونیادو سیستەمی مادی‌و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگە بگۆڕین. باسکردنی ئەم بوارە جگە لە بەراوردو هەڵسەنگاندنی مێژووی ڕۆشنبیری، شارستانی، کولتووری**(ڕۆشاکی)** مادی‌و کۆمەڵایتی شتێکی ترنیە.
ئێمە بەردەوام بێ هەڵوێستە کردن چاومان لەسەر ئەو ڕووداوانەیە کە لە رابردووی دنیادا ڕوویانداوە، ئەمە مانای بەڕێکردنی کات‌و چاوەڕوانیەو هیچی تر، واتە جارێکی تر دووبارە **چاوەڕوانی‌و خۆدانە دەست ڕێکەوتە**.
ئاشکراترین‌و نزمترین ئاستی ئەو ڕووداوانە ئەو بیرکردنەوەو هەنگاوە کاتیە چێژاویانەیە کە ڕۆژانە بێ هیچ گرنگیدانێکی ڕاوبۆچوون‌و هاوبەشیەکی ڕاستەقینەی کۆمەڵگە لە پلەو پێگەی سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئەو کەس‌و لایەنانەدا ڕوو ئەدات کە لە دەراوی مەبەستە تایبەتیە نهێنیەکانەوە خۆیان زاڵ ئەکەن بەسەر بیروبۆچوون‌و هزرو تەنانەت جەستەی کۆمەڵایەتی خەڵکیداو ئەیانخەنە ترۆپکی گرنگیەکەوە کە بوونی نیە، ئیتر چەند ئەو کەس‌و لایەنانە جێگەی متمانەی کارو وەزیفە**(**فونکس**)**و برەوی گۆڕانکاریدا بن یاخود نا، ئەوە کێشەی خەڵکی خۆیانە؛ ئەوە مانای کرۆکی بێ **ڕێزیکردنەکەیە**، کە لە ئابسترێکی هزرەوە بەرجەستەیان کردووە. هەندێ بابەتی زۆر گرنگی چارەنوسازی کۆمەلگە وەک خودی گرنگی مرۆڤەکان خۆیان ئاسان‌و بێ بەها لێیان ئەڕوانرێت. بەهۆی ئەوەی ڕێز بۆ گرنگی پێدەرانی دانەنراوە. زۆر ڕۆژمانوس‌و سیاسەتمەدارو کارمەندانی ناو دامودەزگاکان وەک زۆرینەی کۆمەڵگە لە ناو ئەو بوونیادوسەرکردایەتیەدا کەوتونەتە ناو ئەو بەرداشی **بێڕێزیەوە**.

# بەئاگا نایەین تا شتەکان نەگۆڕین
## بەشی سێیەم
### ئیسماعیل فەرەج

ئەو توێژانە تاوەکو ئێستا بەو هەموو توانا مادیو پێگە سیاسیو کۆمەڵایەتیو پڕوانامەو کردنەوەی دەرگاکانی کرانەوەی **ڕۆشنبیری، شارستانی، کولتوور** و...تد، بە گفتوگۆو دانووستان نەیان توانیووە چمکێکی ڕەوتی ژیانی کۆمەڵایەتی ئاسایی مرۆڤانەی خۆیان بگۆڕن، ئەمە ئاماژەی نەبوونی یاخود بەرتەسکی بواری ئەو ئازادیو ماریفەتەیە کە لە بێ بەهاییەوە سەرچاوەی گرتووەو کۆمەڵگەی پێ لە خشتە ئەبەن، بەپێی یاساکانی گۆڕانکاری خۆیان لە هۆنینەوەو ڕێکەوت دوور ناخەنەوە، نایانەوێت بنەمایەکی یاسایی بۆ خۆیانو خەڵکی دابهێنرێتو پەیڕەوی بکەن، بکەونە ناو ڕاستیە بنچینەییەکانی دەریای بێسنوری مرۆڤایتیەوە. کەسی شیاو بکەوێتە شوێنی شایستەوە. ئەمە پابەندی ئەو سیاسەتو بەرنامەو پرۆگرامەیە کە دەیان ساڵە پارتو ڕێکخراوەکان لە سەردەمی شاخو شاردا بۆ پێگەیاندنی خۆیانو کلۆڵکردنی نەتەوەیەک پەیڕەوی ئەکەن، تاکە یاسایەکی ڕێکخستنەوەو بوونیادنانەوەی کۆمەڵگە جگە لە ڕەوتی سیاسی نەهاتۆتە بەر. ئەوەتا نەیان توانیووە تاکە یاسایەکی بەڕێوەبردن یاخود یاسایەکی بڕیاردانی گشتی داڕێژنو پابەندبن پێوەی. جگە لەو بوارانەی بەرژەوەندیان ئەپارێزی. ئەمەش ناچێتە خانەی یاساییەوە، بەڵکو لە خانەی پەیوەندی کۆمەڵایەتی تێپەڕ ناکات؛ کێشە سەرەکیەکان لەم سۆنگەیەوە سەرهەڵئەدەن.

ئەم ڕەوتە بەپێی یاسای بواری گۆڕانکاری کۆمەڵگە و**شارستانیەتەکەی** هەنگاوی پووکانەوەیانە، هاڕینی بیرو داهێنانە، خستنە بری بەرژەوەندی مادی بەرتەسکە لە بری هەموو بابەتێکی بوونیادی مادیو کۆمەڵایەتی. **ئەم بابەتە وابەستەی سیاسەت نیە**. هەرچەندە سیاسەت چنگی لە هەموو بوارەکانی ژیانی خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ناوچە داپڕاوەکانو زەوتکراوەکانیشیەوە گیرکردووە، سیاسەت بووە بەو ئەفیونەی کە **کارڵ مارکس** بەرابەر بە ئایینی مەزەندەی کردووە. سیاسەتیان ئاڵودەی بەرژەوەندی بەرتەسک کردووە، بەربەستێک شک نابەن تەنها لە هێور بوونەوەدا نەبێت. هێور بوونەوەی سیاسی لە دەڤەری ئێمەدا بەم مانایە واتە وروژانی جەستەیی ئاڵودەبووەکانە، بە

بیرەوەری مردنو سوتانو کوشتنو جینوسایدو جەهەنەمرو نوێژو نەتەوەو...تد. لە ماوەیەکی دیاریکراودا خەڵکی بە شێوازێک هێورئەکەنەوە تا بتوانن بەربەستی هزریان بۆ دانێن.

فاکتەری شۆڕەندبوونی مرۆڤ بەو تەرزە بەڕێوبردنەوە ئەگەڕێتەوە بۆ چەند خاڵێک، لەناویاندا **بە لاوەنانی سۆنگەی ئەزموونە هزریەکانی ژیانی مادیو سیاسیو کۆمەڵایەتی تیادا ئەدرەوشێتەوە.** ئەزموون لە دیدی زۆرینەدا بە تایبەتی لەم بوارەدا بە بوارێکی ساردوسڕی ترسناک ناوزەند ئەکرێت، ئەزموون ئەبێتە یاریکردن بە مەرگو ژیان، یاخود ئەوەتا لە بەرژەوەندیو گەورەیی ئەو کارێزمایانە کەم ئەکاتەوە کە ئەفیونەکەیان دەستاودەست بەپێی پێویست ئەدەنێ، یا ئەوەتا بێ ئەوانە لێ ئەکەونو خۆیان ناتوانن پڕیاربدەن. ئەم فاکتەرانە یەک لەوانی تر ترسناکترە. چونکە ئەزموون، مانای هەڵسەنگاندنو بەراوردە؛ مانای پڕیاردانە؛ مانای نۆژەن بوونەوەیە؛ بەواتەی ئاشکراکردنی خاڵو خەسڵەتی دواکەوتەییو پێشکەوتن دێت. گرنگی نەدان بە ئەزموون واتە گرنگی نەدانە بە خود، واتە شۆڕەندبوونە بە چاوەڕوانیو ڕێکەوتوسەرنوستی نادیار.

هەر بابەتێک بنەی گۆڕانکاری ژیانی مادیو کۆمەڵایەتی بێنێتە بەر ئەوە بە هەموو شیوازێک فاکتەری ناوخۆیی، دەرەکی، بەرژەوەندی بەرتەسك بەلاوە ئەنێت. واتە رۆئەچێتە ناو کرۆکی **رۆشنبیری، شارستانی، کولتووری** نەتەوەییو کۆمەڵگەییەوە. لەبەرئەوەی کۆمەڵگەو رۆشنبیریە مادیو مرۆڤایەتیەکەی وەک مرۆڤ خاوەنی کرۆکو ئەروایە**(روح)**.

مرۆڤ بوونەوەرێکی زیندوو وکارای **شارستانی**و مێژووە، کرۆکی مرۆڤ بەشێکە لە کرۆکی نەتەوە، نەک کرۆکی سنورداری بەرتەسکی کەسی یاخود بچووک کردنەوەی کرۆکی نەتەوەیی لە تاکەکەسو دەستەیەکدا. بە پێچەوانەوە ئەو کرۆکە پێودانگی هەڵسەنگاندنی تاکی کۆمەڵگەیەو لێرەوە دواکەوتەییو گەشەو پێشکەوتنو گۆڕانکاری پێودانگ ئەکرێن، ئەمە تێڕوانینی لۆژیکیانەیە، بەراوردو هەڵسەنگاندنی سەردەمرو کاتە، بنەی بیرکردنەوەی هزری کۆمەڵگەیە.

# بەئاگا نایەین تا شتەکان نەگۆڕین

## بەشی چوارەم

**ئیسماعیل فەرەج**

ئەو تێڕوانینە لایەنێکی گرنگی بواری هزری مرۆڤایەتیمان بۆ ئاشکرا ئەکات کە کۆمەڵگە ئەتوانێت سود لە پشتیوانیو هاوکاری **ڕۆشنبیریەکانی** تری دنیا وەرگرێتو بینکاتە ئەزموون بۆ گەشەو پێشکەوتنو گۆڕانکاری کرۆکو ڕەواڵەتی خۆی، نەک گواستنەوەی کوتومتیان. چونکە هەموو ڕۆشنبیری، یاخود شارستانیەتێک لە دنیادا ڕاومتەیەکی**(مساحة)** بازنەیی یاخود خولی تایبەتی خۆیی هەیە، بەپێی ئەو تێڕوانینو ئەزموونە لۆژیکیە هزریانە بازنەکە یاخود خولەکە بڕیاری کرانەوە یاخود بچووکبوونەوە یان دروست بوونی بازنەی دواتری سنوری بازنەی یەکەم ئەدات. واتە چەند ئەزموونی بیروبۆچوونو دیدی زیندوو لە کرۆکو ڕەواڵەتی مرۆڤو خێزانو کۆمەڵگەدا بەرفراوانبێت ئەوەندە **ڕۆشنبیری، شارستانی، کولتوور**و هزر بەرفراوانترو ڕاستی **حەقیقەتە**(فایتنە) مادیو کۆمەڵایەتیەکان ئاشکرا تر ئەبن. بەمەش چارەسەرو دەرباز بوون لە تەنگەژەو کارەساتو نەهامەتیەکان بەپێیّ سەردەمو کاتی ڕوودانەکەی بەرتەسك ئەبنەوەو ماوەکەیان کورت ئەبێتەوە، نابنە مایەی کەفشتەبوونو چەقبەستنی کۆمەڵگە. ئەمە خەسڵەتی بەکاربردنی شیاوی هزرو لۆژیکە.

**گۆڕانکاری یاسای ژیانە**؛ وەک ڕووەک وایە لە هەر کونجو کەلەبەرێکدا لە ناو ئاو لە سەرلم، بن تاشە بەرد، نێوانو لێواری دارو پەردوودا ئەگەر هەلی ژیانو سەوزبوونی بۆ پرەخسیّ سەردەردێنیّو ژیانی خۆی ئەباتە سەر. بە هەمان شێوە بەشو بنەماکانی **ڕۆشنبیری، شارستانی، کولتوور** لەو بازنە مادیو کۆمەڵایەتیەدا وەک ئەو ڕووەکە وایە. سنوری بازنکە ئەبێتە پێودانگی پێگەی دەرکەوتنو هێزو پێزی کەسێتیو فۆرمی هزرو بوونیادو سیستەمی مادیو کۆمەڵایەتی، بەپێیّ سنوری ئەو بازنەیە ڕەوتی گەشەو پێشکەوتنو گۆڕانکاری ئەگرێت، لە بازنەیەکی تردا یاخود لە برفراوانی سنوریدا جیا ئەبێتەوە. هێزو تواناکەی وابەستەی هێزو توانای کرۆکی **ڕۆشنبیری کۆمەڵگەکە خۆیەتی**؛ چەند ئەو هێزەی گەورەو خۆراگربێت سەرچاوەکەی لۆژیکبێت ئەوەندە گەشەو پێشکەوتنی پێوە دیار ئەبێت. ڕابردوو ئەکاتە ئەزموون، دەورووبەرو جیهان وەک

**مێژوو** وەك **زانست** تەماشا ئەكات، لە پێناوی ئێستادا وانەکانی رابردوو هەڵئەسنگێنیّو نەخشەی داهاتووی لەسەر دائەڕێژێت. پێودانگەکانی وەک بیر، هونەر، هزر، دابونەریتو داهێنان ئەبنە خەسڵەتی سەرەکیو تەمەنی رۆشنبیری، شارستانی،کولتوورو **ناسنامەی نەتەوەیی** پێکەوە ئەبەستێت، جۆرێک بەردەوامیو زیندوویەتی پێئەبەخشێ، لەکاتی ونبوونیشیندا بنەی بوژانەوەی نەهامەتی، کارەسات، دواکەوتەیی ئەڕەوێنێتەوە، پێچەوانەکەشی ئەو کرۆکە ئەگەنیّو رواەتەی**(مساحة)** بازنەکە بەرەو پووکانەوەی هەتاهەتایی ئەبات. واتە بێ هەڵسەنگاندنو بەراوردکاری ئەزموونی زیندوو ئەو نەتەوەو کۆمەڵگەیە بەرەو پووکانەوە هەناگاوی خێرا ئەنێت، بەرژەوەندی بیری پێ راگەیشتن ئەبێتە خەسڵەتی دیاری لەناوچوونەکەی.

ئەوەی ئەمێنێتەوە چۆنیەتی پارێزگاریو بەرفراوانی ئەو بازنەیەیە لە پووکانەوەو لەناوچوون لەوانەیە لە سەردەمێکی کەمدا دەرکەوێتو خەڵکی لەو مەترسیە ئاگادار ببنەوە، بەپێی پتەوی کرۆکو بنەماکانی پێکهاتەی **رۆشنبیری، شارستانیەتەکەیان** بە هانایەوە بێن، لە ئەزموونی رابردووی خۆیانو رۆشنبیری دنیاوە شان بدەنە بەر رەوتی داڕمانەکەیو جارێکی تر راستی بکەنەوەو بیبوژێننەوە مافو داهاوتووی پێ ڕەوا ببینن. یاخود ئەوەتا خوێندنەوەی بەرژەوەندیە بەرتەسکەکان ئەبێتە ئاماژەی ئەکتیفو لە پەلوپۆی ئەخاتو هەنگاوی مەرگی هەتایی پێئەنێت. ئەمانە باسکردنی بنەمای گۆرانکاری کۆمەڵایەتین، رەوتی جیاکردنەوەی کۆمەڵگەی میکانییو ئورگانیە، رەوتی بنەمای هەستو هزرە، رەوتی جیاوازی سۆزو هزرو زانستە، ڕەوتی بازنەی رۆشنبیریەکی زیندووی نەتەوەیە. هەوڵێکە بۆ دەربازبوون لە سەرنوستی **(قدر)** مادیو کۆمەڵایەتی، گرتنی دامێنی تێڕوانینی زانستیانەیە. چونکە رەوتی گۆڕانکاری بنەی سەرەکی جموجۆڵی دینامیکیەتی کۆمەڵایەتیە، وابەستەی شێوازی ئەو هێزو پێزە کۆمەڵایەتیانەیە کە بە **شارستانی** زیندوێتیو نەمری رائەگرێتو بەرگی مرۆڤایەتی ئەکات بە بەریدا لە روانگەی بەزەیی دەربازی ئەکات.

لەم چەند خاڵەی دواییدا دەرئەکەوێت کە جوڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان چ رۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕانکاری مادیو کۆمەڵایەتی **رۆشنبیری،شارستانی، کولتووریدا** هەیە.

# بەئاگا نایەین تا شتەکان نەگۆڕین
## بەشی پێنجەم

**ئیسماعیل فەرەج**

لەم چەند خاڵەی دواییدا دەرئەکەوێت کە جوولانەوە کۆمەڵایەتیەکان چ ڕۆڵێکی گرنگیان لە گۆڕانکاری مادی وکۆمەڵایەتی **رۆشنبیری، شارستانی، کوتووردا** هەیە.

1- ئەگەر گۆڕانکاری ستریکی**(هدفی)** جوڵانەوەیەک یاخود پارتێکی سیاسی یا کۆمەڵایەتی بێت، ئەوە پێویستە ئەو رێکخراوە یاخود ئەو پارتە بۆ تەدارەکی نوێی گۆڕانکاری بگەڕێ، نەک رووداوی تێپەڕ بوو بکاتە بنەیەکوبە زۆر زیندوێتی خۆیی پێ بسەلمێنێت، چونکە **ئەوەی روو ئەدات تێشئەپەڕێت.** گۆرانی وتن یاخود شینی پاڵەوانێتی رابردوو مانای نەبوونی بنەی ئێستاو دیدی داهاتووە. ئەگەر نا ئەوە بابەتە تێپەڕیووەکان ئەبنە فاکتری **تاڵڕیسی** بنە سەرەکیەکانی گۆڕانکاری، ئەگەر ئەزموون تێیدا بەهەند نەگیرابێت، ئەبێتە رەوتێکی نێگەتیڤو ستریکی گۆڕانکاریەکە پەک ئەخات، برەو بە بڵاوبوونەوەی تاوانو تۆمەتو خۆسەپاندنو خۆ زلگرتن بەسەر هەموو شتێکداو دانجیرکردنەوەی تۆڵەو...تد ئەدات.

2- دەرکەوتنی رەوتو خواستی جوولانەوەی گۆڕانکاری بە درێژایی مێژوو تا ئێستا بە دەنگەوەهاتنی میکانیکی خەڵکی بۆ ئەوە بووە تا ئەو جوولانەوەیە بکرێتە تەدارەکێک بۆ پراکتیزەبوونی کرۆکی گۆڕانکاری زیاتر، لە پێناوی پووکانەوەی گەندەڵیو فافۆریتزمو بەدیهێنانی دوور دیدی لەو پێگە جوگرافیە دیاریکراوەی هەوڵی گۆڕانکاری تیادا ئەدرێت. واتە لەو **درومە** میکانیکیەوە بکرێتە درومێکی ئۆرگانی. ئەگەر ئەو ستریکە نەبێت ئەوە کەلێنی مادیو کۆمەڵایەتی زیاتر دەرئەکەون، لەگەڵ دەرکەوتنیاندا تەنگ بە رۆشنبیری، شارستانی،کولتوورو کۆمەڵگە هەڵئەچنن. جوولانەوەکەش دەرفەتی دەربازبوونی نابێت؛ چونکە خودی گۆڕانکاریو تەدارەکەکەی کە جووڵانەوەکەیە لە کەلێنێکی بەرفراوانی مادیو کۆمەڵایەتی یەقکردووەوە دەرکەوتووە، جا ئەگەر کاری جووڵانەوەکە هەڵکەندنی قەتماغەی ئەو برینانە بێت کە نەبوونەتە ئەزموونو لە رەوتی نادیارەوە بەهای کۆمەڵگەیان پێپێودانگ کردبێت، ئەوە جووڵانەوەکە نابێتە لینك**(إتصال)** لە نێوان کۆمەڵگەو گۆڕانکاریدا.

تۆوی گۆڕانکاریەکان لە کرۆکی کۆمەڵگە خۆیدا بوونی هەیە، پێویستی بە جوڵەیەکی پەسەندو شیاو هەیە، نەک بە پێچەوانەوە، گۆڕانی وتنو شینو خوێندنەوەی رابردوو، ئەبنە رەواڵەتی دەرخستنی بێ هەڵوێستی پراکتیزە بوونی جووڵانەوەکەو بگرە کۆمەڵگە بە رەوتێکی مەترسیداردا تێئەپەڕێنێت، لە **رایەڵە** بوونیادیەکانی رۆشنبیریو کۆمەڵگەدا، هیچ کامیان نابنە فاکتەری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی، چەقبەستنو شەختەبوون ئەبنە خەسڵەتیان.

3- ئەو ڕاڤەکردنەی پێشوو ئەتوانرێت لە رێگەی جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتیەوە شرۆڤە بکرێت، لەبەرئەوەی لە زۆربەی کاتتدا گۆڕانکاری لە ژێر کاریگەری راستەوخۆی جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکاندا سەرهەڵئەدەن. ئەگەر هەوڵی وروژاندنو بزواندنی فاکتەرە مادیو کۆمەڵایەتیەکانو...تد بدات. بەڵام ئەگەر بنەماکانی پێگەیشتن یاخود پەنمانی فاکتەری گۆڕانکاریەکانی کرۆکی کۆمەڵگە یاخود دەستەو گروپی جووڵانەوەی گۆڕانکاریەکە هەندێ بنەمای زیندوو بۆ سەرکەوتن هەڵنەسەنگێننو بەراوردیان نەکەنو شوێنو پێگەیان بۆ دیاری نەکرێت ئەوە تەنها کارەساتو نەهامەتی بە دوای خۆیاندا کێش ئەکەن ئەبنە برەوی بەرژەوەندی بەرتەسک. بنەی یاسایی پێکهێنانی جووڵانەوەکە مانای دەست نیشان کردنی پلانە بۆ دەرەوەی جووڵانەوەکە، ئەو یاساو رێسایانە مانای خۆ ئامادە کردنو پراکتیزەکردنی سیستەمی بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەیە، ئەبنە کۆڵەکەی راگیریکردنی جووڵانەوەکە، پێچەوانەکەی میکانیزمی ئاڵوگۆڕەکە ئەبێتە دورمێکی باو بە سودو بەرژەوەندی توێژێکی کەمو زەرەری زۆرینە کۆتایی دێت.

لەبەرئەوە هەموو رەوتێکی دینامیکی لە گۆڕانکاریدا ئەگەر رۆڵی جووڵانەوەیەکی کۆمەڵایەتی تیا ئەکتیڤبێت ئەوە بنەما کاراکانی بوونیادنانەوەی کۆمەڵگە لە بنەماوە بەرجەستە ئەکات. فاکتەرەکانی گۆڕانکاریە بابەتیو خۆییەکان لە هەڵسوکەوتو رەفتارو راسیۆن **(الدوافع الانسانية)** و ئارەزو،هەڵوێستو هزردا ئەکاتە میکانیزمی رەواڵەتو کرۆکی کۆمەڵگەو پراکتیزەی ئەکات. ئەم شێوازی بیرکردنەوەیە ئەکتیڤ بوونی گۆڕانکاری کۆمەڵگە ئەسەلمێنێت.

واتە **گۆڕانکاری لە جووڵانەوەکەدا = گۆڕانکاری لە کۆمەڵگەدا**.

ياخود دوو هێڵی راستەوانەی **a وb** و بە یەک ئاڕاستەی دوو ڕێگاییدا ئەڕۆن بەم شێوەیە:

**A**

**b**

دواکەوتنی هەر هێڵێکیان کاریگەری لە هێڵەکەی تر ئەکات. ئەمە خەسڵەتێکی دیارو ئاشکرای تایبەتی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتیە لە گۆڕانکاری رۆشنبیری مادیو کۆمەڵایەتیدا، بواری سوسیولۆژیاو مێژوو لەم روانگەیەوە لەو باوەڕدان جووڵانەوە کۆمەڵایەتیەکان ئەتوانن ببنە دینامۆی بوژانەوەی کۆمەڵگەو شارستانی، لە شێوازی جیاوازو ئەکتیڤدا لە سنوری کۆتایی رەوتی ئاڕاستەی هێڵەکەدا بە پۆزەتیڤ بگەڕێتەوە ناو کۆمەڵگە. یاخود بە پێچەوانەوە.